لە هیندستان تیپی هونەری شاریا چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی کوردی نمایش کرد

لە هیندستان تیپی هونەری شاریا چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی کوردی نمایش کرد.

وەزارەتی لاوان و وەرزشبیری لە بیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، "لە هەرەمی کوردستانەوە، تیپی هونەری شاریا سەردانی هیندستانی کردووە بە بەشداریکردن لە فەستیڤاڵەکانی یادی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە و بەو بۆنەیەوە چەند تابلۆیەکی هونەری پێشکەش کرد".

لە دەستپێکی چالاکییەکانیدا، تیپی هونەری شاریا، لە شاری "گوهاتی" ویلایەتی "ئەسام" نمایشێکی هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کرد، هەروەها لە هۆڵی سەنتەری وەرزشبیری ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سەر بە وەزارەتی وەرزشبیری هیندستان و ئەنجوومەنی هیندی بە پێوەندی کولتووری لە وەزارەتی دەرەوە تیپی شاریا بە نمایشی چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی کوردی سەرنجی بەشداربووانی فەستیڤاڵی نیشتمانی هیندستانی ڕاکێشا.

تیپەکە، نوێنەرایەتی تیپە هونەرییەکانی هەرەمی کوردستان دەکات و لە لایەن وەزارەتی وەرزشبیری و لاوانی حکومەتی هەرەمی کوردستانەوە لەوانەی هیندستان کراوە.

شایەنی باسە، تیپی هونەری شاریا لەلایەن ئەنجوومەنی هیندی بە پێوەندیە کولتوورییەکان بە هەماهەنگی وەزارەتی وەرزشبیری و لاوان بانگهێشتی هیندستان کراوە و بیارە بە ماوەی 15 ڕۆژ لەو

وڵاتە لە چەند ویلایەت و شارێک لە هەردوو فەستیڤاڵی "سێما و میوزیك" بەشداری بکات..